**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٣٢٤٦ لە ٢٠١٥/٦/١**

**پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥
## تایبەت بە دیاری کردنی ماف و ئەرکی سەرپەرشتیار (مشرف)ی مزگەوتەکان

**ماددەی یەکەم:**

سەرپەرشتیار (مشرف)ی مزگەوت ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردنی مزگەوتێك کە دروستی کردوە لەسەر ئەرکی دارایی خۆی لەسەر زەویەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**ماددەی دووەم:**

ئەرك ومافەکانی سەرپەرشتیار ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: مافەکان:**

١- سەرپەرشتیار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف پێشنیاری ناوێکی گونجاوو شەرعی دەکەن و لە لایەن وەزیری ئەوقاف پەسند دەکرێت.

٢- سەرپەرشتیار مافی بەدواداچون و سەرپەرشتی کردنی پاك و خاوێنی و پاراستنی کەل و پەلی ناو مزگەوت وهۆڵی بۆنە ئایینییەکانی هەیە.

٣- سەرپەرشتیار مافی هەیە ژوورێك لە ناو مزگەوت تەرخان بکات بۆ هەڵسوراندنی ئیش وکاری مزگەوت بەمەرجێك کاریگەری نەبێت لەسەر ژووری پێش نوێژ و وتار خوێن.

٤- دوای ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف، سەرپەرشتیار مافی ئەوەی هەیە گرێبەست لەگەڵ خزمەت گوزارێك یان زیاتر بکات لەسەر ئەرکی دارایی خۆی بەپێی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کاروباری خزمەت گوزاری مزگەوتەکە یا هۆڵی بۆنە ئایینییەکان.

٥- مافی تنازل کردنی هەیە لە کاری سەرپەرشتیاری بۆ کەسێکی تری شیاو پاش تاقی کردنەوەی لە ئەنجومەنی زانستی و پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری ئەوقاف.

٦- ماف و ئەرکی سەرپەرشتیار دەگوازارێتەوە بۆ میراتگرەکانی بەمەرجێك میراتگرەکە لەلایەن ئەنجومەنی زانستی پەسند بکرێت.

٧- مافی داواکردنی کردنەوەی خولی خوێندن و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆزی هەیە بەمەرجێك گشت پێداویستی و شوێنی هەبێت.

دووەم :ئەرکەکان :

١- دابین کردنی کەل و پەل و پێداویستیەکانی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و تۆمارکردنی لە پەراوگەی تایبەت .

٢- بە دواداچونی بەردەوام بکات بۆ پاراستن و چاککرنەوەی پێداویستیەکانی مزگەوت لە بواری ئاو و کارەبا و ئاوەرۆ و سوتەمەنی ....هتد.

٣- سەرپەرشتیار لە وەرگرتنی هەر کەل و پەلێك لە خێرخوازان بۆ مزگەوت ، ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووەرەکەی بکاتەوە، بەمەبەستی تۆمارکردنی لە پەراوگەی کەل و پەل (سجل الاثاث)

٤- سەرپەرشتیار پابەند بێت بە فەرمان و رێنمایی تایبەت بە رێکخستنی مزگەوتەکان کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و بەرێوەبەرایەتییەکان دەردەچێت.

٥- سەرپەرشتیار پابەند بێت بەو بریارانەی کە وەزیری ئەوقاف دەریدەکات بۆ گواستنەوە و تەنسیب کردنی پێش نوێژ و ووتارخوێن بۆ مزگەوتەکەی.

٦- سەرپەرشتیار ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی سنوورەکەی یان وەزارەتی ئەوقاف بکاتەوە بەشێوەی نووسین لەهەر گرفتێکی ئیداری یان ڕوودانی کارێکی نەخوازراو بۆ چارەسەرکردنی ، وەنابێت یەك لایەنانە بریاری لەسەر بدات .

٧- نابێت بە بێ وەرگرتنی رەزامەندیی بەرێوەبەرایەتی سنوورەکەی و وەزارەتی ئەوقاف بوار بە خێر خوازی تر بدات بۆ نۆژەن کردنەوەی مزگەوت ، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بوو.

ماددەی سێیەم :

١- بەهیچ شێوەیەك نابێ پێش نوێژ و وتارخوێن لە لایەن خێرخواز یا سەرپەرشتیارەوە دابنرێت یاخود مەرجی دانانی دابنێت یا پێگیری (إصرار) لە سەر دانانی بکات ، تەنها ئەگەر وەزیری ئەوقاف پەسەندی پێشنیارەکەی کرد.

٢- سەرپەرشتیار مافی پێدان و لێوەرگرتنەوەی خانووی مزگەوت لە پێش نوێژ و وتار خوێنی نییە ، بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف.

**ماددەی چوارەم:**

**١- لە کاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچیەك ، پاش ئاگادارکردنەوەی سەرپەرشتیار لە ماوەی یەك مانگ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی ، سەرپێچیەکە نەهێلێت و بەڵێن بدات لە بەرێوەبەرایەتیەکانی کاروباری یاسایی سەر بە وەزارەت کە دووبارەی ناکاتەوە.**

**٢- ئەگەر لە ماوەی دیاری کراوی برگەی سەرەوە ، سەرپەرشتیار سەرپێچیەکەی هەڵنەگرت یا (امتناع)ی کرد لە بەڵێندان لە دووبارە نەکردنەوەی ، لەلایەن ئەنجومەنی زانستی یان لە رێگەی دادگا مافی سەرپەرشتی کردنی لێدەسەندرێتەوە.**

**٣- لەکاتی لادانی سەرپەرشتیار ، بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سنوورەکە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت تاسەرپەرشتیارێکی تری گونجاو لە لایەن وەزیری ئەوقاف دەست نیشان دەکرێت.**

**ماددەی پێنجەم:**

**پێویستە خێرخواز لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی بەڵێن بدات کە پابەند بێت بەم رێنمایە ، پێش دەرچونی رەزامەندی رێگە پێدانی دروست کردنی مزگەوت یا هۆڵی بۆنە ئاییینەکان.**

**ماددەی شەشەم:**

**کاربەهیچ رێنماییەکی تر ناکرێت کە پێشتر دەرچوویێت.**

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

**کمال مسلم سعید**

**وەزیری ئەوقاف و کارو باری ئاییینی**